Hungarian Helsinki Committee

UNHCR
The UN Refugee Agency

# پەنابەری لە سنـووردا

**تۆ لە مەجەرستانیت.** زمانی فەرمی وڵات مەجەریە، بەڵام لە جێ بەجێکردنەکانی بارودۆخی پەنابەریدا بۆت هەیە زمانی خۆت بەکار بهێنی، یان ئەو زمانە وا بەباشی دەیزانیت. مەجەرستان ئەندامی یەکیەتی ئەوروپایە، وکەوتۆتە ناوەڕاستی ئەوروپاوە.

سنووری مەجەرستان وە سەربیا **بەپەرژین** داخراوە. لەپەرژینی سنووردا **دوو " ناوچەی تێپەڕبوون"** هەیە (لەروێسکەدا ولە تۆمپادا)، کە لەوێوە دەتوانیت بێتە ژوورەوە بۆ ناو مەجەرستان، وە تەنها لەمێ دەتوانیت داوای پەنابەری بکەی. گەر هاتوو لەسەربیاوە، لەو دوو شوێنەوە نەهاتیتە ناو مەجەرستان، بەڵکو لە پەرژینەکەوە، ئەو کاتە تۆ **تاوانت کردوە**. پۆلیس دەتگەڕێنێتەوە بۆ ئەوبەری سنوور، گەر هاتووك لە هەمان شۆنێک لەمەجەرستاندا تۆیان گرت.

## <u>هاتنەژوورەوە لە ناوچەی تێپەربوونەوە</u>

گەر هاتیتە ناو مەجەرستان لەڕێی ناوچەی تێپەڕبوونەوە، لەپێشدا پۆلیس **پشکنینت دەکات،** پاشان **زانیاری تایبەت بە خۆت** تۆماردەکەن (ناوت، وە ناوی ئەندامانی خێزانت، وە گەر تەمەنت لە 14 ساڵ زیادترە، پەنجەمۆرت دەکەن). لەم کاتەدا پۆلیس پرسیارت لێدەکات، ئایە داوای پەنابەری دەکەی لەمەجەرستاندا؟ گەر وتت بەڵێ، **فەرمانگەی کۆچ** لێپرسینەوەت لەگەڵدا دەکات، لە یەکێک لە کۆنتێرەکانی ناوچەی تێپەڕبووندا.

بە پێی ئەو یاسا نوێیانەی کە دانراون ، ئەو کەسانەی کە **داواکاری پەناهەنندەیی** هەیە ، ئەو **خیزانانەی کە منداڵدارن،** یان ئەو کەسانەی کە بە تەنهان **کە لە تەمەنی ١٤-١٨ ساڵی،** دەبێت لە ناوچەی ترانزیتدا بمێننەوە ، تاوەکو ئەو ماوەیەی کە هەموو کاروباری پەناهەنندەیەکە تەواو دەبێت.ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەواناتوانی بڕۆیتە دەرەوە بۆناوخاکی مەجەرستان تاوەکو بڕیار وەرنەگری ئەوەش بە (پۆزەتیڤ ). بەرەو سەربیا دەتوانی ناوچەی ترانزیت بەجێبهێڵی، وە ئەگەر ئەوەت کرد، ئەوا فەرمانگەی کۆچ بڕیار دەدات لەسەر کێشەی پەنابەرێکەت، بەپێی ئەو زانیارێلە وا هەتی.
**منداڵێک کە تەمەنی لە 14 ساڵ کەمتر بێت وە بێ یاوەر بێ** ڕەوانی دەکەن بۆلانەی کەم تەمەن . گەر لە 14ساڵ کەمتربیت، دەبێ لەکاتی هاتنت بۆ ناو وڵات، یەکسەر ئاگاداری پۆلیس بکەیت، کاتێ کە زانیاریە تایبەتەکانت تۆماردەکەن. گەر هاتو گومانیان هەبوو سەبارەت بە تەمەنت، فەرمانگەی کۆچ داوای پشکینی پزیشکی دەکات، بۆ بڕیاردان لەسەر تەمەنتدا پزدشکی ناوچەی تێپەڕبوون بڕیاڕدەدات ،ئەم جۆرە پشکنینە بەخۆڕاییە، پارەی ناوێ. گەر بڕیاری پزیشک بە دڵت نەبوو، بۆت هەیە، بە نامەێک داوای پشکینێکی بەخۆڕاییێکی تر بکەی. وە هەرچی بەڵگەنامەیەکت هەیە کە تەمەنت دەسەلمێنێ ، پیشانی بدە.

## <u>جێ بەجێکردنی پەنابەری لە سنووردا</u>

لەو کاتەدا، کە فەرمانگەی کۆچ پرسینەوەت لەگەڵدا دەکات، دەبێ باسی ئەوە بکەی، کە چ **کێشەیەکت هەبوو لەوڵاتی خۆتدا، وە بۆچ پێویست بووکە ووڵاتی خۆت جێبهێڵی.** دەبێ ئەوەیش بڵێت، **ئایا داوای پەنابەریت کردوە لە وڵاتێکی تر،** بڵێن، وەکو سەربیا، کرواتیا، یۆنان، یان بولگاریا، پێش ئەوەی بگەیتە مەجەرستان. گرنگە، هەموو شتێک بە درێژی باس بکەیت، ڕووداوە بەئازارو ناخۆشەکانیش. زمان**وەرگێڕ**یش دەبێ، مەترسە، گەر لە یەکتر تێناگەن، بڵێ! لەکۆتایی لێپرسینەوەکەدا، داوا لە زمان وەرگێڕەکە بکە نووسراوی لێپرسینەوەکەت (کۆنووسەکە) **سەرلەنوێ بۆت بخۆێنێتەوە،** بۆ ئەوەی بزانیت، ئایا ئەوەی ووتووتە نووسراوە یان نە. گەر بەو شێوەیە نەبوو کە ووتبووت، ئەوا بەهەر جۆرێک بێ بڵێ! گەر فەرمانبەر باسەکانت بە جۆرێکتر نووسیبوو، داوا بکە لێی، کە ئەوە بنووسێت ،ئەوەی تۆ وتت، داوای ڕاستکردنەوەی بکە. داوای کۆپییەکی لێپرسینەوەکەت بکە. **نە فەرمانبەر، وە نە زمان وەرگێڕ بۆیان هەیە باسی کێشەکەی تۆ بۆ کەسێکی تر باس بکەن، دەتوانیت** بە ئاشکەرایی باسی خۆت کەی.

گەر لە یەکێک لە وڵاتەکانی یەکیەتی ئەورۆپا **پەنجەمۆر**یان کردبوویت، بۆیان هەیە بۆ ئەو وڵاتە بت گەڕێننەوە. ئیتر لە وڵاتەدا سەرەقاڵی داوای پەنابەرێکەت دەبن. ئەمەیە **ڕێنمایی دبلین.** لەم کاتەدا، فەرمانگەی کۆچ پەیوەندی دەکات لەگەل ئەو وڵاتەدا، کە لێپرساوی داواکەتە. لەم بارەیەوە بڕیارێکت پێدەدەن. تاکو ئەو وڵاتە وەڵامی پرسیارو داواکاریەکە

دەداتەوە ، ئەوە چەند مانگێک دەخایەنێت. گەر بەلایەنی کەمەوە ٣ مانگ ماویتەوە لە سەربیا یان مەکەدۆنیا پێش ئەوەی بگەیتە مەجەرستان پاش ئەوەی بولگـــاریا یان یۆنانت بەجێهێشتووە، بۆ سەلماندنی ئەمەش هەرجی دۆکۆمێنتێکت هەیە کە ڕاستییەکەی ئەمە بسەلمێنێ ،ئەوا تـــۆ ناگەڕێننەوە بۆ بولگاریا یان یۆنـــان بە پێی ڕێکەوتننامەی دۆبلًین . لەبەرئەمە هەرچی **ئەو کاغەزو دۆکۆمێنتانەی کە لە سەربیا یان مەکەدۆنیا وەرتگرتووە بیان پارێزەو پیشانی فەرمانگەی کۆچبەرانی بدە .**

فەرمانگەی کۆچ و کۆچبەرآن **ماوەی ٦٠ ڕۆژی هەیە بۆ بڕیاردان** ، پاش ئەوەی کە داواکاریەکەت پێشکەش دەکەیت .

**لە ئەنجامدا چوارجۆر بڕیاردەدەن :**

بەگۆیرەی ڕێنمایی دبلین، بۆت هەیە داوای یەکگرتنەوەی خێزانی بکەی، لەگەل ژنتدا / مێرددا، یان لەگەل منداڵاندا، یان گەر تۆ منداڵیت لەگەل باوانتدا، یان کەسوکارێکیتردا، کە لە وڵاتێک لە وڵاتانی یەکیەتی ئەوروپا دەژین. گەر بەتەمای یەکبوونی خێزانییت، داوای بکە لە فەرمانگەی کۆچ، لەخواستیاریەکەت.

١ـ **پەناهەندەیی** : پەناهەندەییت پێدەدرێت، ناسنامەو کارتی ناونیشان وەردەگریت، دەتوانی ئیش بکەیت، **دەتوانیت کە خێزانەکەت بهێنیت** ، منداڵەکانت بخەیتە قوتابخانە، وە یارمەتیەکیش وەردەگری تاوەکو جێگیردەبیت.

٢ـ **پارێیزاو** : پارێزراویت پێدەدەن، ناسنامەو کارتی ناونیشان وەردەگری، دەتوانی ئیش بکەیت، منداڵەکانت دەتوانی بخەیتە قوتابخانە، ئەو کاتە دەتوانی کە خێزانت بهێنی، بەڵام بەپێی مەرجەکانی یاسادا. کە کاتێ ئیشت هەبێت وئەوەندە پارەشت دەستکەوێت کـــە بەشتان بکات. وە یارمەتیەکیش وەردەگری تاکو جێگیردەبیت.

٣ـ **وەرگیراو ( قبوڵکراو )** : وەردەگری **بۆ ساڵێک**، وە فەرمانگە کۆچ هەر ساڵ تاقەی دەکات. دەتوانی ئیش بکەیت، بە گوێرەی یاسای گشتی سەبارەت بەکاری بێگانەکانە، وە ناتوانی خێزانت بهێنی.

٤ـ داواکاریەکەت ڕەتکراوەتەوە **( بڕیارێکی نێگەتیڤ وەردەگری )** ، چونکە بەپێی فەرمانگەی کۆچ وولاتـــــەکەت مەترسی تێدا نییە بۆسەر ژیانت. گەر ئەم بڕیارە قبوڵناکەیت، ئەوا لە **ماوەی ٨ ڕۆژدا** دەتوانی ڕوبکەیتە دادگـــاو ئەوە بکەیت کە **بە تایبەت گوێت لێ بگرن**. وە بە نووسین بۆیان ڕووندەکەیتەوە کەوا بۆچی بە بڕیارەکـــە ڕازی نیت، وە ئەگەر پێویستت بە هاریکاری هەیە، ئەوا داوا لە پارێزەرانی لیژنەی هەلسینکی مەجەرستان دەکەیت، وە یاخود فەرمانگەی UNHCR .لە کاتێکدا کە دادگا داواکەتی ڕەتکردەوە و بڕیارەکەی فەرمانگەی کۆچی قبوڵکرد، ئەوا دەتوانی جارێکی تـر داوای پەناهەندەیی بکەیتەوە، گەر هۆکارێکی نوێ یان بارێکی نوێ لە ئارادایە. وە ئەوەش گرنگە کە دەبێت بزانی لەکاتی داواکاری دووەمدا بەس تەنها جێگەی نووستنت بۆ دابین دەکەن، خواردن وپێویستیەکانی تر دەکەوێتە سەرشانی خۆت . وە ئەگەر (ئیستئناف ) نەکەیت ئەوا دەرت دەکەن لەمەجەرستاندا.

گەر لە کاتێکدا پارێزراویت دەدەنێ، ئەوا لە کەمپێکی کراوەدا جێگەت دەدەنێ و لەوێ یەک مانگ دەمێنیتەوە، وە لەوێ ناسنامەکەت وەردەگریت و جێگەوخواردنت بۆ دابین دەکەن. وە ئەم نەخشەیەی خوارەوە ئەو کەمپە کراوانە نیشان دەدات کەوا لە مەجەرستانن.

<u>یارمەتی بەردەستەکان وە **خزمە تگوزارێکان لە ناوچەی تێپەڕبووندا**</u>

گەر لە ناوچەی تێپەڕبووندا پێویست بوو بمێنیتەوە، لەماوەی بڕیاردان لەسەر داواکەت بۆ مافی پەنابەری، **جێگە**ێک و وە هەر ڕۆژ **خوراک**ت پێ ئەدەن. خێزانەکان لە کۆنتێنەری جیاواز دەبن. لەهەر سەکتۆرێک ئاودەس (WC) ودووش، ومەکینەی جل شۆردن، وشۆنی نانخواردن، و شۆنێکی گشتی هەنن. گەر کێشەی تەندروستیت هەیە، بڕۆ بۆ پزیشتی ناوچەکە. خێزانەکان لە کۆنتینەری تایبەتدا دادەنرێن، وە هەر بەشێک ئاودەست و دوش و مەکینەی جل شۆردن و جێی نانخواردن و شـــوێنی کۆمەڵایەتی هەیە . گەر کێشەی تەندرووستیت هەیە ، دەتوانی داوای دکتۆر بکەیت . فەرمانبەری کاروبـــــاری کۆمەڵایەتی هەموو ڕۆژ لەو بەشەدا ئامادەیە . زۆر دامەزراوی خزمەتگوزاری بە بەردەوامی سەردانی ناوچەی ترانزیت دەکەن و یارمەتی و هاریکاری داواکارنی پەناهەندەیی دەکەن ولەگەڵ ئەوەشدا پڕۆگرام بۆ منداڵان

ڕێک دەخەن. لەماوەی قوتابخانەدا (لە مانگی نۆ تاکو مانگی شەش) منداڵان (6-16 ساڵان) دەتوانن دەرس بخوێنن، کە مامۆستایانی قوتابخانە دەرسیان پێ دەڵێن، هەر ڕۆژ لە دووشەم تاکو هەینی (جومعە) لە کاتژمێری 9 تا 11:45. . منداڵان لەتەمەنی 3-6 ساڵ، هەر ڕۆژ لە دووشەم تاکو هەینی (جومعە) لە کاتژمێری 8 تا 4ی ئێوارە دەتوانن لە باغچەی منداڵان بن.

ئەگەر لە کاتی جێبەجێکردنی کاروبارەکانتا پێویستت بە پارێزەر بوو، ئەوە بە نووسین داواکاری بکە لە فەرمانگەی کۆچ، داوای ئەوە بکە **لیژنەی هەلسینکی مەجەرستان، کە ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤە ، لەگەڵ پارێیەرەکەیدا یەکتربببینن کە ناوی (Kovács Tímea, Balázs Júlia )** یە یاخود ئەو پارێزەرەی کە حکومەت بۆی داناوی، یان هەر پارێزەرێکی مەجەری، وا ئەندامی ڕێکخەراوی پارێزارانی مەجەرە. گەر بەتەمای پارێزەری حکومەت ببینیت، دەبێ نامەێک بنوسیت بۆ فەرمانگای کۆچ ، لە دووشەم تاکو هەینی. ئەم کارە پارەی ناوێ. ئەم پارێزەرانەش بە خۆڕایین.
وە دەتوانی لەگەڵ کاربەدەستانی UNHCR دا بدوێیت کە هەموو ڕۆژێ لەوێ ئامادەن.

کارمەندی کۆمەڵایەتی هەموو ڕۆژ لەوێە. گەر پێوەستیت بە پارێزەرە، روو بە **کۆمیتەی هەلسنکیی مەجەرستان** بکە. ئەمە پارەی ناوێ. لەگەل کارمەندەکانی **UNHCR** یش دەتوانیت باس کەی، وا هەموو ڕۆژ لە ترانزیتدا ئامادەن






http://www.helsinki.hu/en/info/